# ماوس و سکاینەر لەیەک جەستەدا

بۆ خوێنەری کورد، گۆرانی "ئێمە گیانێکین لە یەك جەستەدا" نامۆ نییە، بەڵام بوونی دوو ئامێر لە یەك قەپێلکدا وەك ماوس و سکاینەری جۆری LSm-100 کە بەرهەمی کۆمپانیای LGیە نامۆ بێت. کۆمپانیای ناوبراو نیازی هەیە بەم ماوسە گۆڕانکاری لە دنیای سکاینەردا بکات، چونکە ماوسەکە تەنیا بە داگرتنی دوگمەیەك دەبێتە سکاینەر و بە ئاسانی لاپەڕەیەکی بەقەد A3یش سکان دەکات. دواتر لە فۆرماتی JPG، PDF، TIFF و چەند فۆرماتێکی دیکە دەتوانی خەزنی بکەی.

رەنگە ئەوەیان زۆر گرنگ نەبێت، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیەکە بەهۆی ئەو ماوسە سکاینەرەوە دەتوانی هەموو دەقێك وەربگری و راستەوخۆ دەقەکە بگوازیەوە بۆ پرۆگرامی Wordیان Excel و دەستبەجێ دەقەکان دەستکاری بکەی.




# پرۆژکتۆر و کامێرای فۆتۆگرافی

بەیەکەوە گرێدانی چەند ئامێر لە ئامێرێکدا، واتە ئامێرێك کە ئەرکی چەندین ئامێر جێبەجێ بکات هەم لایەنی سلبی هەیە و هەم لایەنی ئیجابی، لایەنی سلبی ئەوەیە کە بە تێکچوونی ئامێرەکە چەندین ئامێر تێکدەچن، بۆ نموونە ئامێر هەیە هەم فاکسە و هەم فتۆکۆپییە و هەم سکاینەر و هەم پرێنتەرە، پێکەوە بوونی ئەو گشت ئامێرە زۆر بە سوودە، چونکە جێگە ناگرێ زۆربەی ئەرکەکان لە یەك کاتدا جێبەجێ دەبن، بەڵام لایەنی سلبی ئامێرەکە ئەوەیە کە هیچ کام لەو ئامێرانە کارایی ئامێرێکیان نییە کە بە تەنیایە.

کۆمپیانیای نیکۆن کە یەکێکە بەرهەمهێنەرانی تەکنۆلۆژیای نوێ، لەم دواییانەدا کامێری جۆری S1200pj بەرهەم هێناوە کە جگە لەوەی کامێرایەکی باشە بۆ گرتنی وێنە و فیلم، پرۆژکتۆرێکیشی هەیە کە دەکرێت بەهۆیەوە وێنەکان لەسەر پەردەیەکی سپی نیشان بدرێن. جگە لەوەش کامێراکە بە ئامێرەکانی touch، iphone، ipad...تاد پێوەند دەدرێ.




# بەبێ کۆمپیوتەر داتاکانت لە هـ




لەم سەردەمەدا پاراستن و راگرتنی داتاکان گرنگییەکی زۆری پێدەدرێ، لەو کاتەوە کە داتاکان بوونەتە دیجیتالی ئامێرەکانی تایبەت بە هەڵگرتن و راگواستنی داتاکانیش بەرفرە بوونە. یەکێك لەو ئامێرانەی کە بۆ راگواستنی داتاکان سوودی لێوەردەگیرێ هاردی خاریجییە. واتە هاردی دەرەکی، بەڵام هارد بە کۆمپیوتەرەوە پێوەند بدرێت ئەگینا داتاکان دەستکاری ناکرێن، بەڵام کۆمپانیای تۆشیبا کە یەکێکە لە گەورە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی

# کیبۆردی تایبەت بـ

کیبۆرد گرنگترین پارچەی کۆمپیوتەرە بۆ پێوەندی نێوان کۆمپیوتەر و مرۆڤ، ئەو پێوەندییەش تەنیا لە رێگەی پەنجەکانەوە دەبێت، ئەدی ئەگەر یەکێك بەهەر هۆیەکەوە بێت پەنجەکانی دەستی نەمابن، دەکرێت بە پەنجەکانی کاری کۆمپیوتەر بکات؟ کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی ئامێری دیجیتالی بیریان لەوە کردۆتەوە، هەر بۆیە کیبۆردی جۆری





# ئایپاد و ستۆدیۆی فیلم بەرهەمهێنان

زۆر کەس حـــەز دەکەن لە ئامێری ئایپاد بۆ ئەنجامدانـــی کارە هونەرییەکانیان وەك بەرهەمهێنانـــی فیلمێك، یان وێنەگرتنێکی هونـــەری ســـوود وەربگرن، بـــەڵام چونکە قەبارەی ئایپاد بۆ ئـــەو جۆرە کارانە گونجاو نییە، چونکـــە قەبارەیەکی 10 ئینجی هێنان و بردنی لەکاتی وێنەگرتندا دژوارە. جگە لەوەش عەدەسە "لێنـــز" و مایکی ئایپاد ناتوانـــێ بۆ کارێکی گرنگی هونەری وەڵامـــدەرەوە بێت، بـــەڵام ئامێری movie mount دەتوانێ لەم بوارەدا یارمەتیدەرێکی باش بێت. ئەو ئامێرە ئایپادەکـــەی ئێوەی لەناو دادەنێ و بەهۆیەوە دەتوانی لەســـەر ســـێ پایەیەکی وێنەگرتنی دابنێی جگە لەوەش لێنزی زیادیشـــی تێدایە. هەروەها مایك و پرۆژکتۆری تایبەتیشی لەگەڵدایە.

# ...ـــاردێکەوە بگوازەوە بۆ هاردێکی دیکە



ئامێـــری دیجیتالـــی هـــاردی جۆری addonicsی بەرهـــەم هێناوە کە لە ڕێگەی وایەرلەیـــس و پۆرتی USB یەوە بـــە ئامێرەکانی دیکە پێوەند دەدرێ و شاشـــەیەك لەســـەر هاردەکە هەیە بۆ نیشـــاندانی داتاکانی ناو هاردەکە. هەر لەسەر هاردەکە دوگمەکانی کۆپی کردن و بەدواداگەڕان و سڕینەوە هەیە، بەهۆی وایەرلەیسەوە دەتوانی داتاکان لەو هاردەوە بگوازیـــەوە بۆ هاردێکی دیکە. هاردەکە زیاتر بەمەبەســـتی ئەرکی ئەمنییەتی سوودی لێوەردەگیرێ.

# کارتی میمۆری وایەرلەیس

ڕەنگە بـــۆ هەمووتان کارتی میمۆری وەك پارچەیەکی دیجیتالی ئاشـــنا بێت، کارتی میمـــۆری بـــۆ هەڵگرتن و خەزنکردنی داتـــاکان لە مۆبایل و کامێـــرای فۆتۆگرافی و فیلم هەڵگرتنەوە ســـوودی لێوەردەگیرێت. قەوارەی کارتی میمۆری بەپێی جۆری ئامێرەکە جیاوازە.

لـــەم دواییانەدا کارتێکی میمـــۆری بەرهەم هاتووە کە بە جۆری Eye-fi ناســـراوە، ئەوە یەکەمین کارتی میمۆرییە کە لە ڕێگەی وایەرلەیســـەوە داتاکان بۆ ســـەر کۆمپیوتەر دەگوازێتـــەوە. لە ڕواڵەتدا هیچ جیاوازییەك لەنێـــوان کارتی میمۆری وایەرلەیس و کارتی میمۆری ئاســـایی دیکە نییـــە. بەهۆی ئەو کارتەوە زۆر بە ئاســـانی وێنەو ڤیدیۆیەکان بۆ سەر ئایفۆن، ئایپاد و کۆمپیوتەر دەگوازرێنەوە. بۆ هەر جارێك کە ســـوود لەو کارتە وەربگری پێویســـتە ئیمێلی کەسەکە، ناو و پاسۆرد دابنێی، ئەوەش بەمەبەســـتی نەدزرانی داتاکانی سەر کارت میمۆرییەکەیە.




# ...ـــە مرۆڤە پەککەوتەکان

proiitest یان بەرهەم هێناوە. کیبۆردەکە گشـــت فەرمانەکان تەنیا بە پەنجەکانی پـــێ ئەنجام دەدات، تەنانـــەت فەرمانی ماوســـیش هەر بە پەنجەکانی پێ ئەنجام دەدرێن. هەروەك دەبینن لەسەر کیبۆردەکە گشت پیتەکان نووســـراون کە بە دانانی هـــەر پەنجەیەکی پـــێ تایبەت بـــەو پیتـــە فەرمانەکە جێبە جـــێ دەبێت.



# سوپەر لاپتۆپی Razer blade
# مۆژدانەیەک بۆ گەیمەرەکان



ئایا ئەوە راستە کە بۆ گەمەکردنی ئەلکترۆنی هیچ کاتێك لاپتۆپ شوێنی کۆمپیوتەری دیسکتۆپ ناگرێتەوە؟ تۆ بڵێی وابێ. بێگومان هەتا بەرهەمهێنانی لاپتۆپی جۆری Razer blade پرسیارەکە جۆرێکی دیکە وەڵام دەدرایەوە، بەڵام ئێستا دەڵێن نەخێر لاپتۆپی ناوبراو تەواو گونجاوە بۆ گەمەی ئەلکترۆنی. چوارچێوەی پێکهاتەی لاپتۆپەکە لە ئەلۆمینۆمە، CPUی جۆری Core i7ی لەسەرە، خێراییەکەی 2.8 گیگایە، رامەکەی 8 گیگابایتە. کارتی گرافیکی واتە کارتی شاشەی 2 گیگابایتە. لاپتۆپەکە 17 ئینجە و کێشەکەی 3 کیلۆیە. شاشەکەی تەواو لەمسییە. 10 دوگمەی تایبەت بە پرۆگرامدانان بۆ یاری لەگەڵدایە، هاردەکەی 320 گیگابایتە.

## سایتێک بۆ نیشاندانی وێنە پانۆرامایيەکان

وێنـــەی پانۆرامایی بەو وێنانـــە دەگوترێن کە دەکرێـــت هەتا 360 پلە بـــەدەوری خۆیدا بسوڕێتەوە، واتە دەکرێ لە هەموو گۆشەکانەوە ســـەیری بکەی، هەندێك پرۆگـــرام هەن کە بە تێکەڵکردنی چەند وێنەیەك وێنەیەکی پانۆرامایی دروســـت بکـــەی، هەروەها لـــە تەکنۆلۆژیای کامێرای دیجیتالی نوێـــدا ئەم توانایە هەیە کە وێنەی پانۆرامایی بەرهـــەم بێت، جگە لەوەش پرۆگرامی فۆتۆشـــۆپ ئیمکانی دروستکردنی وێنـــەی پانۆرامایـــی هەیـــە و بەدانانی چەند وێنەیەك لـــە دیمەنێکـــە ئۆتۆماتیکی وێنەکان لەلای یـــەك دادەنێ و وێنەیەکـــی پانۆرامایی دەخولقێنێ.

ســـایتی http://www.360cities.net ســـایتێکە کە لە هەموو گۆشەیەکی ئەم جیهانـــە وێنەی پانۆرامایی گرتـــووە، وێنەکان هـــەم کوالیتیـــان لەســـەرێیە و هەم لـــە باری پانۆراماییەوەش بێ کەموکوڕین، لەم ســـایتەدا ئەگەر وێنەی شـــوێنێکت مەبەست بێت دەتوانی ســـێرچی ئەم شوێنە بکەی هەتا چەندین دیمەن لە وێنەی پانۆرامایی ئەم شـــوێنە جوگرافییەت بداتێ. جگـــە لەوەش دەتوانـــی ئەکاونتێك لەو ســـایتەدا بۆخۆت بکەیەوەو چەنـــد وێنەیەکی خۆتی کە لە شـــوێنێك گرتووتن دابنێی و پاش چەند چرکەیـــەك وێنەیەکی جوانی پانۆراماییت دەداتـــێ، هەروەهـــا دەتوانێ گـــەر حەز بکەی وێنەکانت نیشانی بەشداربووانی سایتەکە بدەی.






# ئاسۆس و تەبلێتێکی سەرنجڕاکێش

کۆمپانیای Asus بەم دواییانە نوێترین تەبلێتی خۆی بەناوی Eee pad slider SL خستە بازاڕەوە، تەبلێتەکە رامەکەی یەك گیگابایتە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە کارایی تەبلێتەکە زۆر بچێتە سەر. شاشەی تەبلێتەکە 10 ئینجە و تەواو لەمسییە، لە یەك کاتدا دەتوانێ 10 پەنجە بناسێ، ئەوەش بۆ ئەو یارییانەی کە بە گروپ دەکرێن زۆر بە سوودە. هەروەها شاشەکە لە جۆری IPSـە و دەکرێ بۆ هەردوو جۆری ئاسۆیی و ستوونی بەکار بێت.

هاردەکەی 16 گیگاییە و 32 گیگاییە. تەبلێتەکە کەلێنی Mini HDMI و کەلێنێکی USBی هەیە، بەڵام گرنگترین بەشی تەبلێتەکە بوونی کیبۆردی جۆری full Qwertyیە، کێشی تەبلێتەکە 960 گرامە، باترییەکەی هەتا 25 کاتژمێر شەحنەکەی دانابەزێ.



## ناساندنی پرۆگرامی UltraSlideshow Flash Creator

بەرهەمهێنانی ئەلبومی دیجیتالی و دروستکردنی سلایدەکان جگە لەوەی کە یادەوەرییەکان بە زیندوویی رادەگرێت، یارمەتیدەرێکی باشیشە بۆ ئەوەی کە بیرەوەرییەکان لە چوارچێوەی وێنەی تۆمارکراودا بەشێوەیەکی زیندوو و جووڵەدار هاوکات لەگەڵ مۆسیقایەکی دڵگر بە نەمری بمێننەوە. پرۆگرامی UltraSlideshow Flash Creator پرۆگرامێکی بەهێزە لەم بوارەدا، بەکارهێنەر دەتوانێ تەنیا وێنەکان هەڵبژێرێ و هەروەها مۆسیقایەکی تایبەت بەخۆی بۆ دابنێت، دواتر لە دەیان دیزاینی لە پێشدا ئامادەکراو سوود وەربگرێت.

ئێفێکتی جوڵەداری سەرنجڕاکێش بۆ جوڵەدارکردنی وێنەکان لەبەرچاو گیراوە، تا لە پاش دانانی وێنە و مۆسیقاکە ئێفێکتەکەش دابندرێ بۆ ئەوەی کە ئەلبومە دیجیتالییەکە بە ویستی بەکارهێنەرەکەی بێت.





# هەر جارەو وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز گرفتێکی بۆ هاتۆتەپێش کە لە پرۆگرامی Excel دا ژمارەکانی بە پیتی عەرەبی نانووسرێن، دەیهەوێت گشت ژمارەکان بە پیتی عەرەبی بنووسرێن.

خوێنەری بەڕێز بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە لە پرۆگرامی ئێکسێلدا پێویستە بچییە سەر بەشی control panel لەوێدا کۆمەڵێك ئایکۆن هەیە یەکێك لە ئایکۆنەکان کە شێوەی وەك گۆی زەوی دەچێت و ناوی region and languageـە لێبدە و لەوێدا بچۆ سەر بەشی Formats و کلیك لەسەر فەرمانی additional settings بکە، دواتر کلیك لەسەر Use native digits بکە و لە خانەیەك دا کە نووسراوە Context هەڵبژێرە و دوگمەی Ok بکە. دوای ریستارتکردنەوەی ویندۆز گشت ژمارەکان دەبنە عەرەبی.